کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-4-2007 0:20

سەرە قەرەمێک لۆ مامەی سەرۆک کۆماری حێراقی فیدرال ... وەستا سڵێوە

لە رادوی کوردیەکان بەگێم کەوت گۆتیان مامە داوای حەفوی کردوە لە تورکیا لۆ ئەو قسانەی بارزانی کردونی لۆ قەناتی حەرەبیە، بڕوام نەدەکرد گۆتم خودا پێعالیمە ئەمە قسەی عەرەبەکانە و دەیانەوی بەم قسانە مامەمان لە پێش چاو خەن، بەرام کاتێك دیتم کاکە ئەمە لە خۆڕا نیە خۆ بەڕاست داوای حەفوی کردوە موتەئەسیفە لۆ ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم کە دەری (کورد قبوڵ ناکات کەس دەست لەکاروباری وەردات ئەگەر خەرك بەخۆی ڕوابیبینێت دەست لە ئیشی ئێمە وەربدات ئەوە ئێمەش ئەو حەقەمان هەیە دەست لە کاروباری ئەوان وەربدەین)

یان دەری (ئێمە هەرەشە لەکەس ناکەین و هەڕەشەش لەکەس قەبول ناکەین) ئی خۆ ئەم قسانە لۆ مەسلەحەتی مەیە لۆ ئەتو لێی غار دەدەیت و داوای حەفو دەکەیت لە تورك؟؟ لەجیاتی مامە پشتیمیللەت بگریت و دەست خۆشی لە میللەت بکەیت کەچی دەبینم پاکانە دەکەیت و خۆت لەو مەوزوعە بێبەری دەکەیت وەك ئەوەی کورد نەبێت، ئەمن دەرێم مامە خودا شاهێدە ئەمن ئەو وەختی ئەتو نەساغ بویت هەزار دوعاو نزام لۆ کردیت لەپاش هەموو نوێژەك لە خودا دەپارامەوە سەلامەت بیت، لە خۆشی ئەوەی هاتیتەوە بە نیوە ساغی بڕیارم دا یەك کەرەبابت لۆ بکوژمەوە بە خودا هەرئەوەندەم لەتواناداا بوو دەنا ئەو وەختە زیاتریشم دەکوشتەوە و یەك حەیرانی کاوێس ئاغام بە دەنگێکی بڵند گووت لە خۆشیاندا عالەم خەنی ببو بە بەخشینەوەی گۆشتی عەیوان کە بۆ ئەنگۆ دەیان کوشتەوە و نازانم لە کێندەر دەیان هێنا ئەوەندە دەزانم دەیان هێناو لە عاردیان دەدا، نەمزانی ئەمەمان لەگەر دەکەیت دەنا وەڵا وە بیلا نەمدەکر د چزوانم ئەتو هەروا زوو دەست بەردارمان دەبیت و دەتەوی کەپومان لە عاردی بدەیت و خۆتمان لێبێبەری دەکەیت، ئەتو لە سعودیە قسەیەکی خیرت لۆ کوردان نەکرد پێش هەموو شت داوات کرد کەرکوك تورکەکان بێن چۆنیان پی باشە بابیکەن، جەنابی سەرەك کۆماری حێراق ئەبی حەفوم کەیت لەو قسانە هەرچەندە چوار پێنج سالەك لەمن گەورە تریت بە حوومر چاوەرێی ئەم مەوقیفەم لێنەدەکردیت وامدەزانی ئێتر کەبویت بەسەرەك کۆمار دەحەسێینەوە نەم دەزانی پاش دەستی حارەبی پێپەتی دەستی تورکیشمان پێ ماچ دەکەیت، دەنا بزانە وەڵا وەڵا ئەمن سەری خۆ لۆ تورك نەوی ناکەم داوای حەفوشیان لێناکەم چ نەبووەبابێت ئەمن ئامادەم وەك جاری جاران ببمەوە بە پێشمەرگە و لەڕووی ئەو تورکە پیسانە بوەستم و برێم بۆستن ئێرە وولاتی شێرانە بۆ ڕیوی و چەقەل نیە بێتە ناوی، لێرەوە دەرێم دەستەکانت خۆش نەبێت لۆ ئەو حەفونامەیەی ناردت لۆ تورکان، ڕەبی ئەوەی دژی میللەتی خۆیە ڕەبی سندانی لێدات ئەگەر نەکو مام با بابیشم بێت، ڕەبی ئەوەی دەیەوی سەرمان شۆڕکات خودا سەری شۆڕکات، ئەوەی دەخوازێت کەپومان بشکێنێت سەرو کەپوی بشکێت لۆ خاتری چل و چوار هەزار پیغەمبەر، ئەوەی چاوی بەم میللەتە هەڵنایەت خودا چاوی پڕ کاتەوە بە خۆر، خودایە ئەوەی دەیەوێت بمانگەینێتە ئارامی بەرقەراری مەحفوزی کەیت خودا سەرکەوتوی بکەیت.. ئـــــــــامـــــــــــيييييييييييييييـــــن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.